بسم الله الرحمن الرحيم

# ویردی کەسنەزانی

ناوی دەروێش : ..........................................

بەرواری وەرگرتنی تەریقەت : ..........................

بسم الله الرحمن الرحيم

سوباس وستایش بۆ پەروەردگار کە دەفەرموێت

﴿ وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلاً مِّمَّن دَعَا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحاً وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ الْمُسْلِمِينَ ﴾

ودرود و سەلامی خودای پەوەردگار لەسەر سەروەری عالەم حەزرەتی محمد وەخانەوادە وئەسحابەکانی.

اللهم صل على سيدنا محمد الموصوف بالوحي والرسالة والحكمة
وعلى آله وصحبه وسلم تسليما

پاشان :

بۆ کورتکردنەوە وئاسانکردنەوە وشێوازی بەکارهێنانی فەرمان وکارەکانی تەریقەتی کەسنەزانی ، ئەم پەرتووکە دانراوە بۆ دەروێشەکانی کەسنەزانی وەپێك هاتوە لە :-

- پیرۆزی و سوودی سەڵەوات.
- سەڵاواتی وەسفی.
- شێوازی سەڵاواتی وەسفی وژمارەکانی.
- سوود وریگەپێدانی ویردەکان لە شەریعەتی ئیسلامدا.
- ویردی کەسنەزانی لەژێر سێبەری ئایاتی قورئانی پیرۆز وسوننەتی پاك.
- شێوازی خەتمەی زکرەکان .
- شێوازی زکرەکانی رۆژانە.
- شێوازی سوننەتەکان .
- زنجیرەی تەریقەتی عەلیی قادریی کەسنەزانی.
- زنجیرەی نەسەبی پیرۆزی سەید شێخی فەریادرەس محمدی کەسنەزانی حوسەینی.
- تەزبیح و رێگەپێدانی لە ئایینی ئیسلامدا.
- جۆرەکانی تەزبیح لەسوننەتی پاکی پێغەمبەردا.

ویستمان ئەم پەرتووکە بەم قەبارە بچوکە بێت بۆ ئەوەی دەروێش بتوانێت هەڵیگرێت ، وەکو یاوەرو هاوڕێ یەك وبەبێ گرفت هەمیشە لەگەڵیابێت لەهەمو شوێنێك بۆی بگەڕێتەوە لەکاتی پێویستدا.

داوا لەخودای بێ هاوتا دەکەین ئەم کارەمان ئەنجامدا بێت تەنانەت لەرای خۆی بێت وەبەسود وبە قازانج بێت بۆ مورید ودەروێشەکان وەخودا کارمان راست بێنێت وەخودا لەگەڵ کاری راستە.

دوکتۆر

نەهرۆ شێخ محمدی کەسنەزانی حوسەینی

بریکاری گشتی سەرۆکی

تەریقەتی عەلیی قادریی کەسنەزانی لەجیهاندا

# سوودی سەڵاوات وەپاداشتی

بسم الله الرحمن الرحيم

سوباس وستایش بۆخودای تاك كه سەڵاواتی كرد لەسەر سەروەری عالم حەزرەتی محمد(درودی خودای لەسەربێت) بەسودترین كردەوە بۆ تاك و كۆمەڵ وەفەرمانی داوە خودای تاك كه فەرمویەتی بۆ ئاگاداری وەبۆ زانین و رێزلیٚ گرتن كەدەفەرموێت : ﴿ إِنَّ اللَّهَ وَمَلائِكَتَهُ يُصَلُّونَ عَلَى النَّبِيِّ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا صَلُّوا عَلَيْهِ وَسَلِّمُوا تَسْلِيمًا ﴾ .

وەك پێمان گەیشتووە لەسود وقازانج لیٚ وەرگرتن لەكۆمەڵێك فەرماییشتەكانی حەزرەت (درودی خودای لەسەربێت) لەم فەرماییشتانە ئەڵێن رۆژێك حەزرەت هات مزگینی وخۆشی لەدەموچاوی موبارەكی ئەدەروشایەوە وە فەرموی : حەزرتی جبرائیل سلاّوی لیٚ بیٚ هەواڵی پیٚ دام هەركەسێك لەئومەتەكەم یەك

سـەڵاوات لەدیـداری مـن بـدا خوداوەنـدی گـەورە دە سـەڵاوات ورەحمــەت بەســەریا دەڕژێنێـــت ❁ وە لـەوتارێکی تـر هـەفتا هـەزار فریـشتە دە سـەڵاوات لەسەری دەدەن ❁ لە ڕیوایەتێکدا خـودا فـەرمان دەدات بـە فریـشتەکانی سەرشـانی سـێ ڕۆژ کونـاهی لەسـەر نەنوسن ❁ لە ڕیوایەتێکدا هاتووە ناچێتە نـاو ئـاگرەوە تاوەکو ئـەو شـیرەی لـەگوان هاتۆتـە دەرەوە بەوشـوێنەدا نەگەڕێتـەوە ❁ لـە ڕیوایەتێکـدا هـاتووە هـەر کەسـێك بەیانی سەڵاواتێك بدات خـودا پـێش ئیـوارە لێـی خـۆش دەبێـت وەهەرکەسـێك ئێـوارە سـەڵاواتێك بـدات خـودا پــێش خـــۆر هـــەڵهاتن لیــێ خـــۆش دەبێـــت ❁ لە ڕیوایەتێکدا هاتووە هەرکەسێك یەك جار سڵاوی لـێ بکـات خـودای پـەروەردگار دە جـار سـەڵاوی لـێ دەکـات وەسـڵاو کــردن لەحـــەزرەت (درودی خـــوای لەســـەر) لەکوێلـە ئـازادکردن چاکترە ❁ لـە ڕیوایەتێکـدا هـاتووە

هەر کەسێك یەك سەڵاوات بدات دە گوناهی دەسڕێتەوە
ودە چاکەی بۆ دەنوسرێت ❁ وە لە ڕیوایەتێکدا هاتووە
سەڵاوات لـە دەمـی هـەر کەسێك بـەخێرایی دەردەچێت
بەسـەر هـیچ دارو وکەسـتەك وبـەرد ودەریـا وشـاخێکدا
لەرۆژهــەڵاتێك ولەرۆژئاوایەکـدا نــاروات تــا ئاگــاداری
نەکاتەوە کە سەڵاواتی ئەو کەسەیە ئەو شتەش سەڵاوات
لەســەر ئــەو کەســە دەدات ❁ لــە ریواتەیکێـدا هــاتووە
کەسـەڵاوات لەدیـداری حـەزرەت درودی خـوای لـێ بێـت
هەشت دەرگای بەهشت وسەرا پەردەکانی بۆ دەکرێتـەوە
تـا دەگاتـە عـەرش وە بـۆنێکی خۆشـی لـێ دێـت وهـەمو
فریـشتەکان سـەڵاوات لەسـەر ئـەو کەسـە دەدەن وە داوا
لەخودای پەروەردگار ئەکەن لە کوناهەکانی خۆش بێت
❁ وە لــە ڕیوایەتێکــدا هــاتووە پیــاوی ئیمانــدار یــان
ئافرەتێکی ئیماندار کە دەستیکرد بە سەڵاوات لەدیداری
حــەزرەت (درودی خــوای لــێ بێـت) دەرگاکــانی ئاسمــان

بەکشتی بۆی دەکرێتەوە وسەرا پەردەکانی لائەبرێت وە بۆنێکی زۆر خۆش بە سەری دێت وچەند فریشتەیەك لەئاسماندا هەیە سەڵاوات لەسەر حەزرەت (درودی خوای لێ بێت)دەدەن وە داوا لەخودای پەروەردگار ئەکەن لەو کەسە خۆش بێت پیاو بێت یان ئافرەت بێت تا چەند خودا بیەوێت ❁ هەروەها هەر کەسێك دە سەڵاوات لەسەر حەزرەت بدات خودا وفریشتەکانی سەد سەڵاوات لەسەر ئەو کەسە ئەدەن ❁ وەئەگەر سەد سەڵاوات لەسەر حەزرەت بدات خودا وملائیکەتەکان هەزار سەڵاوات لەسەر ئەو کەسە ئەدەن ❁ وەئەگەر هەزار سەڵاوات لێ بدات خودا لەشی لەئاگر دەپارێزێ وەهەروەها ئەیخاتە بەهەشتەوەو باوەڕی جێگیر دەکات لەم دنیا ولەرۆژی دوایی وە ئەو سەڵاواتە دەبێ بەروناکی بۆی لەسەر پردی سیرات وەبۆ هەر سەڵاواتێك کەداوێتی کۆشکێکی پێ ئەبەخشرێ لەبەهەشت ❁

هەر كەسێك سەد سەڵاوات لەدیداری حەزرەت بدات هەموو رۆژێك وەكو ئەوە وایە كەشەو ورۆژ بەردەوام سەڵاوات بدات ، وخودای پەروەردگار سەد پێویستی بۆ جێبەجێ دەكات حەفتای لە رۆژی دوایی وسی لەم دنیا ❁ لە ڕیوایەتێكدا هاتووە سەد خێری بۆ دەنوسرێت وە هەزار هەزار گوناهی لەسەر دەسڕێتەوە وهەزار هەزار چاكەی بۆ دەنوسرێت ❁ هەركەسێك پێنج سەد سەڵاوات لەدیداری حەزرەت بدات هەرگیز هەژار نابێت ❁ هەركەسێك بەپێوە سەڵاوات بدات پێش دانشتن خودا لێ خۆش دەبێت ❁ وە هەر كەسێك بەدانشتنەوە سەڵاوات بدات پێش هەڵسان خودا لێ خۆش دەبێت ❁ هەروەها هاوتای پاداشتی حەج و غەزایە لە ڕێی خودا ❁ هەروەها حەزرەت (درودی خودای لێ بێت) گۆی موبارەكی لەو كەسە دەبێت كەلەرۆژی هەینیدا سەڵاواتی لەسەری دەدات ئەگەر لەوپەڕی زەمینش بێت ،

وە لە رۆژکانی تریشدا جگە لە رۆژی هەینی گوێی لەو کەسانە دەبێت کە بەدڵسۆزی وبەراستی خۆشیان دەوێت وەفریشتەکان سەلاواتی خەلکی تریان پێ دەگەیەنن

❁ هەروەها هەموو پاڕانەویەك بەسەلاوات دەست پێ بکات وبە سەلاوات کۆتایی بێت ناگەڕێتەوە ، لەبەرئەوەی هەردو سەری وەرگیراوە و کە هەردو سەری وەرگیرا نێوانیشی وەردەگیرێ جگە لەمانەش ڕوایەتی تر زۆرن .

لە سود وپاداشتەکانی سەلاوات لە دیداری حەزرەت (درود و سەلامی خودای لەسەر بێت) خەم وپەژارە وتەنگانە لائەبات . خراپە وهەڵەکان دەسرێتەوە ، وئەبێ بەمایەی لێ خۆشبوونی گوناهەکان وکارەکان ئاسان دەکات . وەپێویستیەکان دەستەبەر دەکات رزق وڕۆزی زیاد دەکات . وەدەبێتە مایەی زامنی توڕەنەبونی خودا . تەرازوی چاکەی قورس ئەکات . تەنگانەکانی رۆژی دوایی(قیامەت) لادەبات . دووڕوی لادەبات.

هەژاری دوردەخاتەوە. میهرەبانی خودا نزیك دەكاتەوە .
دڵ روناك دەكاتەوە . خودای پەروەردگار ڕازی دەكات .
جێگای هەموو جۆرەكانی خواناسیەك دەگرێتەوە .
وەدەبێ بە مایەی سەركەوتن بەسەر دوژمناندا .
تەڵەكەو وفێڵی شەیتان لاواز دەكات . بەرەكەت وپیرۆزی
دەرژێنێ بەسەر ئەو كەسەدا كەووتویەتی وكوڕەكەی
وكوڕی كوڕەكەی ونەوەكانی . خودا ئەو كەسە
دەپارێزێت لەوەی كەباسی كەس بەخراپی لە پاش ملە
بكات وە كەسیش باسی ئەو لەپاش ملە نەكات .بەكۆو
شی كرنەوەی ئەم فەرمودانە بۆمان دەردەكەوێت كە
سەڵاوات ئاسانترین شێوازی خوا پەرستیە وەنزیكترین
وخۆشەویسترینانە لەلای خودای پەروەردگار
،وەوەردەگیرێت لە هەموو كەسێك ولەهەموو حاڵەتێك
لەوكەسانەی دڵسۆز وخاوەنی باوەڕن، هەروەها ولەو
كەسانەی ریابازیشن لەسەر ڕاسترین فەرمودەكان .

## سەڵاواتی وەسفی (الصلوات الوصفیه )

سەڵاواتی وەسفی کەمۆڵەت دراوین لەلایەن مامۆستا وشێخی ئێستامان فەریادرەس حەزرەتی شێخ محمدی کەسنەزانی حوسەینی قدس سره بەم شێوەیە:-

( أَللّٰهُمَّ صَلِّ على سَيِّدِنَا مُحَمَّدٍ ٱلوَصـــــفِ وَٱلوَحْيِ وَٱلرِّسَالَةِ وَٱلحِكْمَةِ وَعَلى آلِهِ وَصَحــبِهِ وَسَلِّمْ تَسليماً )

ئەم سەڵاواتە چونە قوڵاییە بۆ ناو پلە وپایەی بەرزو ڕەوشت جوانی حەزرەتی محمد (درودی خوای لێ بێ)کەهیچ ژمێریارێك نایژمێرو هیچ ئامارێك نایگرێتەوە.

❁ واتای (الوصف) : هیچ کەسێك نزیك نابێتەوە لەسایەی وەسفی ئەو حەزرەتە(درودی خوای لێ بێ).

❁ واتای (الوحی) : حەزرەت (درودی خوای لەسەر) هەموو شێوازەکانی سروشی (الوحی ) بۆ هاتووە وچۆتە قوڵاییەوە ، ئەو سروشەی کە پێغەمبەران هەریەکە وبە

شێوازێك سروشیان بۆ هاتووه خودا ئەفرمویێت : -
﴿ وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ اللَّهُ إِلَّا وَحْياً أَوْ مِن وَرَاء حِجَابٍ أَوْ يُرْسِلَ رَسُولاً فَيُوحِيَ بِإِذْنِهِ مَا يَشَاءُ إِنَّهُ عَلِيٌّ حَكِيمٌ ﴾ .

۞ واتای (الرسالە) : واتا حەزرەت (درودی خوای لەسەر) قورئانێكی بەگوفتار بووه بەسەر زەمیندا رۆیشتووه بەڵكو قورئان ڕەوشتی بووه هەروەك دایكی ئیمانداران حەزرەتی عائیشە رەزا خوای لەسەر دەگێرێتەوه : ﴿ كانَ خُلُقُهُ القرآنَ ﴾ واتا قورئان رەووشتی بووه .

۞ واتای (الحكمە) : حەزرەت (درودی خوای لەسەر) هەمو داناییەكی (حكمەت) بێ سنوری پێ بەخشراوه ئەمەش ئەوه دەگەیەنێت كە ئەو هاوسەنگیە وردەیە لەهەمووو مامەڵەكاندا ، خودا دەفەرمویێت : ﴿ وَمَن يُؤْتَ الْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْراً كَثِيراً ﴾ ، واتا حەزرەت (درودی خوای لەسەر) خۆی سەنگی مەحەكی خواكرد بووه ، بەراستی ئەبێ بڵێین خۆی حیكمەت بووه چونكە خوای

پەروەردگار لەگەڵ خێزانەکانی حەزرەت دا دەفەرموێت : ﴿ وَاذكُرْنَ مَا يُتْلَى فِي بُيُوتِكُنَّ مِنْ آيَاتِ اللَّهِ وَالْحِكْمَةِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ لَطِيفاً خَبِيراً ﴾ ناوهێنانی حیکمەت لەم ئایەتە پیرۆزدا مانای ناوهێنانی حەزرەتە بە حیکمەت وەسەڵاوات دان لەسەر دیداری جێ بەجێ کردنی ئەو فەرمانەیە .

۞ بۆ خستنە سەر ئەوانەی لەپێشەوە هاتووە : -

حەزرەت (درودی خوای لەسەر) کە وەسفێکی بێ سنووورو بێ پایانە خودای پەروەردگار سروشی بۆ نارد کەئەویش گەیاندی بە خەڵکەکە و ئاگاداری کردنەوە بە حیکمەت .

## شێوازی سەڵاواتی وەسفی وژمارەکانی

( أَللّهُمَّ صَلِّ عَلى سَيِّدِنَا مُحَمَّدٍ ٱلوَصـــــفِ وَٱلوَحْيِ وَٱلرِّسَالَةِ وَٱلحِكْمَةِ وَعَلى آلِهِ وَصَحـــــبِهِ وَسَلِّمْ تَسليماً )

١- لەویردە گشتییەکاندا سەد هەزار جار لەهەموو گیر وگرفتەکان رزگاردەکات.

٢- لەویردی رۆژانە هەزار جار لە رۆژێکدا .

٣- لـــەویردی رۆژانـــە دوای ویـــردی نوێـــژی عیـــشا سەد جار .

٤- لەخۆرئاوابوونی دووشەممە تاکو خۆرئاوابوونی سێ شەممە وە خۆرئاوابوونی پێنج شەممە تاکو خۆرئاوابوونی هەینی بەبێ ژمارە لەبری ویردە گشتییەکان .

# سوود وریگەدانی ویردو زکرەکان لەشەریعەتی ئیسلامدا

خوای پەروەردگار دەفەرمویت : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اذْكُرُوا اللَّهَ ذِكْراً كَثِيراً . وَسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلاً ﴾ .

وە : ﴿ إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلاَفِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لَآيَاتٍ لِأُولِي الْأَلْبَابِ . الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ قِيَاماً وَقُعُوداً وَعَلَى جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذَا بَاطِلاً سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَالنَّارِ ﴾

وە دەفەرمویت : ﴿ الَّذِينَ آمَنُواْ وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكْرِ اللَّهِ أَلاَ بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ ﴾ .

حەزرەت (درودی خوای لەسەر) دەفەرمویت :

﴿ أَلاأُنَبِّئُكُمْ بِخَيْرِ أَعْمَالِكُمْ وَأَزْكَاهَا عِنْدَ مَلِيكِكُمْ وَأَرْفَعِهَا فِي دَرَجَاتِكُمْ وَخَيْرٌ لَكُمْ مِنْ إِنْفَاقِ الذَّهَبِ وَالْوَرِقِ

وَخَيْرٌ لَكُمْ مِنْ أَنْ تَلْقَوْا عَدُوَّكُمْ فَتَضْرِبُوا أَعْنَاقَهُمْ وَيَضْرِبُوا أَعْنَاقَكُمْ قَالُوا بَلَى قَالَ ذِكْرُ اللَّهِ تَعَالَى ﴾ روایەتی ترمزی

واتا (ئایا پێتان ڕابگەیەنم بە چاکترین وپاکترین کردەوەتان لای پادشاکەتان وە لە هەموو شت پلەتان بەرزترکات وچاکترە بۆتان لەخەرج کردنی زێڕوزیو ولەوەی کە ڕووبەرووی دوژمنانی دین ببنەوە لەگەردنیان بدەن ولەگەردنتان بدەن . وتیان بەڵێ فەرموی : (زیکری خودای پەروەردگار) ڕوایەتی ئیمامی ترمزی .

۞ سود وریگەدانی شەریعەت بۆ کردنی زکری ( لا اله إلا الله ): حەزرەت (درودی خودای لەسەر) دەفەرموێت : ﴿ أَفْضَلُ مَا قُلْتُ أَنَا وَالنَّبِيُّونَ مِنْ قَبْلِي لا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ ﴾ رواه مالك ، واتا : (چاکترین شت کەمن وپێغەمبەرانی پێش من فەرموبێتیان ( لااله الا الله

وحده لا شريك له) بووه . هەروەها: ﴿ أَكْثِرُوا مِنْ قَوْلِ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ ﴾ رواه احمد .

۞ سود وریگەدانی شەریعەت بۆ کردنی زکری (الله):

خودای پەروەردگار دەفەرمویت : ﴿ قُلِ اللَّهُ ثُمَّ ذَرْهُمْ فِي خَوْضِهِمْ يَلْعَبُونَ ﴾ . حەزرەت (درودی خودای لەسەر) دەفەرمویت : ﴿ لا تقوم الساعةُ حتى لا يقال في الأرضِ الله الله ﴾ رواه مسلم . واتا (ئاخر زەمان نایەت تا لەسەر زەمین کەسیك نەمێنێ بلێ الله الله .

۞ سود وریگەدانی شەریعەت بۆ کردنی زکری (یاهو):

خوای پەروەردگار دەفەرمویت ﴿ إِنَّمَا إِلَهُكُمُ اللَّهُ الَّذِي لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ وَسِعَ كُلَّ شَيْءٍ عِلْمًا ﴾ وە دەفەرمویت : ﴿ هُوَ اللَّهُ الَّذِي لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ هُوَ الرَّحْمَنُ الرَّحِيمُ ﴾ ئیمامی بوخاری دەگێڕێتەوە لە ( ئەبو هورەیرە ) وەلە حەزرەت (درودی خودای لەسەر)

فەرموی : ﴿ رَأَى عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ رَجُلًا يَسْرِقُ فَقَالَ لَهُ أَسَرَقْتَ قَالَ كَلَّا وَاللَّهِ الَّذِي لا إِلَهَ إِلَّا هُوَ فَقَالَ عِيسَى آمَنْتُ بِاللَّهِ وَكَذَّبْتُ عَيْنِي ﴾ . حەزرەتی عیسی( سەلامی خودای لێ بێت) پیاوێکی بینی دزی دەکرد پێی فەرمو ئەوە دزیت کرد پیاوەکە وتی نەخێر بەو خودایەی کە خودایەکی تر نیە جگە لە(هو) ، حەزرەت عیسی فەرمویٚ باوەڕم بەخودا هێنا وچاوم بەدرۆ خستەوە .

۞ سود ورێگەدانی شەریعەت بۆ کردنی زکری (یاحي):

خودای پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿ وَتَوَكَّلْ عَلَى الْحَيِّ الَّذِي لَا يَمُوتُ وَسَبِّحْ بِحَمْدِهِ وَكَفَى بِهِ بِذُنُوبِ عِبَادِهِ خَبِيرًا ﴾

هەروەها حەزرەتی عەلی(سڵاوی خودای لێ بێ) لە غەزای بەدر بوو ودەفەرموێت: هەندی شەڕم کرد وهاتم بۆ خزمەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بزانم چی کرد ، کەهاتم بینیم لەسوجدەدا بوو ودیفەرموو (یاحی یاقیوم) ولەمە زیاتر هیچی نەدەوت .

ئەم جارە گەڕامەوە بۆ شەڕ  وجارێکی تریش هاتم  بۆ خزمەتی حەزرەت  (درودی خوداى لەسەر) هەر لە سوجدەدا بوو هەردیفەرموو (یاحی یاقیوم) وجاریکی تر چومە خزمەتی بینیم بەهەمان شێوەیە وهەروا بەردوام بوو تاکو خودا سەریخستین . حاکم

❁ سوود وریگەدانی شەریعەت بۆ کردنی زکری (یاواحد) : خودای پەروەردگار دەفەرمویت : ﴿ وَإِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ لَّا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الرَّحْمَٰنُ الرَّحِيمُ ﴾ ، حەزرەت عائیشە (ڕەزا خوای لەسەر بێت) دەگێڕێتەوە :پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر) کاتێك لە شەودا ئەم دیو  وئەودیوی دەکرد دەیفەرموو  : ﴿ لا إله إلا الله الواحد القهار رب السماوات والأرض وما بينهما العزيز الغفار الجبار﴾ رواه النسائي .

❁ سوود وریگەدانی شەریعەت بۆ کردنی زکری ( یاعزیز ) : خودای پەروەردگار دەفەرمویت : ﴿ وَإِنَّ

رَبَّكَ لَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ ﴾ ، حەزرەت (درودی خودای لەسەر) دەفەرموێت : ﴿ أَعُوذُ بِعِزَّةِ اللَّهِ وَقُدْرَتِهِ مِنْ شَرِّ مَا أَجِدُ ﴾ رواه مالك .

۞ سوود وریٚگەدانی شەریعەت بۆ کردنی زکری ( یاودود ) : خودای پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿ وَاسْتَغْفِرُواْ رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُواْ إِلَيْهِ إِنَّ رَبِّي رَحِيمٌ وَدُودٌ ﴾ ، حەزرەت (درودی خودای لەسەر) دەفەرموێت : ﴿ إِنَّ لِلَّهِ تَعَالَى تِسْعَةً وَتِسْعِينَ اسْمًا مِائَةً غَيْرَ وَاحِدٍ مَنْ أَحْصَاهَا دَخَلَ الْجَنَّةَ هُوَ اللَّهُ الَّذِي لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الرَّحْمَنُ الرَّحِيمُ ... الْوَدُودُ ... ﴾ رواه الترمذي .

۞ سوود وریٚگەدانی شەریعەت بۆ کردنی زکری (یارحمن یارحیم ) : خوای پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿ هُوَ اللَّهُ الَّذِي لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ هُوَ الرَّحْمَنُ الرَّحِيمُ﴾ ، حەزرەت (درودی خودای

لەسەر) دەفەرموێت : ﴿ إن من أراد قضاء دينه قرأ كل يوم : قل اللهم مالك الملك إلى ... بغير حساب . ويقول : رحمن الدنيا والآخرة ورحيمهما تعطي منهما ما تشاء ، وتمنع منهما ما تشاء اقضِ عني ديني ، فلو كان عليك ملءُ الأرض ذهباً وفضة لأدَّاه الله عنك ﴾ رواه الحاكم والطبراني . (ئەگەر بەئەندازەی زەمین زێڕوزیو قەرزاربیت خودای پەروەردگار بۆت ئەداتەوە) .

**سود ورێگەدانی شەریعەت بۆ کردنی زکری**

(لا اله إلا الله محمد رسول الله صلى الله تعالى عليه وسلم):

**حـــەزرەت (درودی خـــودای لەســـەر) دەفــەرموێت :**

﴿ لما اقترف آدم الخطيئة قال : يا رب أسألك بحـــق محمـــد لما غفرت لي ، فقال الله : يا آدم ، وكيف عرفـــت محمـــدا ولم أخلقه ؟ قال : يا رب ، لأنك لما خلقتني بيدك ونفخت في من روحك رفعت رأسي فرأيت على قـــوائم العـــرش مكتوبا ( لا إله إلا الله محمد رسول الله ) فعلمـــت أنـــك

لم تضف إلى اسمك إلا أحب الخلق إليك ، فقال الله : صدقت يا آدم ، إنه لأحب الخلق إلي ادعني بحقه فقد غفرت لك ولولا محمد ما خلقتك ﴾ رواه الحاكم في المستدرك .

واتا : کەحەزرەتی ئادەم سلاْوی خودای لێ بێ گوناهی کرد فەرموی ئەی خودا داوات لێ دەکەم بەخاتری محمد(درودی خوای لەسەر) کە لێم خۆش بیت ،خودا فەرموی ئەی ئادەم چۆن (محمد)ت ناسی من هێشتا دروستم نەکردوە حەزرەتی ئادەم فەرموی ئەی خودا کەمنت بەدەستی قودرەتی خۆت دروست کرد ، سەرم بەرز کردوە بینیم لەسەر پایەکانی عەرش نوسراوە (لا اله الا الله محمد رسول الله) زانیم کەزاتی پیرۆزت هیچ ناوێکت نەخستووەتە پاڵ ناوی خۆت لەهەموو کەس خۆشەویستر نەبێت لای خۆت ، خودا فەرموێت راستت کرد ئەی ئادەم ئەو خۆشەویسترین دەست

کردی خۆمە ، وەداوام لیٚ بکە بەخاتری ئەو ، ئەوە لیٚت خۆش بووم ئەگەر محمد نەبوایە دروستم نەدەکردی . حاکم ڕیوایەتی کردوە لە مستدرکدا.

۞ سود وریٚگەدانی شەریعەت بۆ کردنی زکری (سبحان الله والحمد لله ولا إله الا الله والله اکبر) :

خودای پەروەردگار دەفەرمویٚت : ﴿ فَسُبْحَانَ اللَّهِ حِينَ تُمْسُونَ وَحِينَ تُصْبِحُونَ ﴾ وە دەفەرمویٚت : ﴿ وَقُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي لَمْ يَتَّخِذْ وَلَداً وَلَم يَكُن لَّهُ شَرِيكٌ فِي الْمُلْكِ وَلَمْ يَكُن لَّهُ وَلِيٌّ مِّنَ الذُّلَّ وَكَبِّرْهُ تَكْبِيراً ﴾،

حەزرەت (درودی خودای لەسەر) دەفەرمویٚت : ﴿ أَفْضَلُ الْكَلَامِ أَرْبَعٌ سُبْحَانَ اللَّهِ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ وَلَا إِلَهَ إِلا اللَّهُ وَاللَّهُ أَكْبَر﴾ رواه البخاري .

واتا : بەرزترین وباشترین گوفتار چوارن سُبْحَانَ اللَّهِ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ وَلَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَاللَّهُ أَكْبَر .

۞ سوود وریگەدانی شەریعەت بۆ کردنی زکری ( استغفار ) : خوای پەروەردگار دەفەرمویت : ﴿ فَقُلْتُ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ إِنَّهُ كَانَ غَفَّاراً . يُرْسِلِ السَّمَاء عَلَيْكُم مِّدْرَاراً . وَيُمْدِدْكُمْ بِأَمْوَالٍ وَبَنِينَ وَيَجْعَل لَّكُمْ جَنَّاتٍ وَيَجْعَل لَّكُمْ أَنْهَاراً ﴾ ، ئیمامي بوخاري دەگێڕێتەوە.

حەزرەت (درودی خودای لەسەر) دەفەرمویت : ﴿ وَاللَّهِ إِنِّي لَأَسْتَغْفِرُ اللَّهَ وَأَتُوبُ إِلَيْهِ فِي الْيَوْمِ أَكْثَرَ مِنْ سَبْعِينَ مَرَّةً ﴾ .

واتا سوێند بەخودا من لەرۆژێکا زیاتر لە حەفتا جار داوای لێ خۆشبوون لەخودا دەکەم .

۞ سود وریگەدانی شەریعەت بۆ کردنی زکری (الفاتحة): ئیمامی مالك دەگێڕێتەوە کە حەزرەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەربارەی سورەتی فاتیحە فەرمویت: ﴿ هَذِهِ السُّورَةُ وَهِيَ السَّبْعُ الْمَثَانِي

وَالْقُرْآنُ الْعَظِيمُ الَّذِي أُعْطِيتُ ﴾ (ئـەم سـورەتـە (السبع المثـاني والقـران العظـيم ) كـەوا پـێم بەخـشرا ئـەبو هورەيرە (ڕەزای خودای لێ بێ) دەفـەرموێت : ﴿ قَالَ اللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى قَسَمْتُ الصَّلَاةَ بَيْنِي وَبَيْنَ عَبْدِي نِصْفَيْنِ فَنِصْفُهَا لِي وَنِصْفُهَا لِعَبْدِي وَلِعَبْدِي مَا سَأَلَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ اقْرَءُوا يَقُولُ الْعَبْدُ : { الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ } يَقُولُ اللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى : حَمِدَنِي عَبْدِي ، وَيَقُولُ الْعَبْدُ : { الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ } يَقُولُ اللَّهُ : أَثْنَى عَلَيَّ عَبْدِي ، وَيَقُولُ الْعَبْدُ : { مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ } يَقُولُ اللَّهُ : مَجَّدَنِي عَبْدِي ، يَقُولُ الْعَبْدُ : { إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ } فَهَذِهِ الْآيَةُ بَيْنِي وَبَيْنَ عَبْدِي وَلِعَبْدِي مَا سَأَلَ ، يَقُولُ الْعَبْدُ : { اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ }فَهَؤُلَاءِ لِعَبْدِي وَلِعَبْدِي مَا سَأَلَ ﴾ رواه مالك .

گوێم لە حەزرەتی پێغەمبەر بوو (درودی خودای لەسـەر) دەیفەرموو : (خـودای پـەروەردگار دەفەرموێت نوێژم دابەش کردوە لەنێوان خۆم وبەندەکەمدا بەدوو بەش نیوەی بۆ منە و نیوەی بۆ بەندەکەم و وە ئەوەی بەندەکەم داوای بکات دەیدەمێ . بەندە ئەڵێ { الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ } خودای پەروەردگار دەفەرموێت : بەندەکەم سوباسی کردم ، بەندە ئەڵێ { الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ } خودای پەروەردگار دەفەرموێت: بەندەکەم پیایداهەڵدام ، بەندە ئەڵێ { مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ }، خودای پەروەردگار دەفەرموێت: بەندەکەم ستایشی گەورەیی کردم ، بەندە ئەڵێ { إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ } خودای پەروەردگار دەفەرموێت: ئەم ئایەتە لەنێوان من وبەندەکەمدایە ئەوەی بەندەم داوای بکات دەیدەمێ ، بەندە ئەڵێ : { اهْدِنَا الصِّرَاطَ

الْمُسْتَقِيمَ صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ } خودای پەروەردگار دەفەرموێت ئەوانە هەموو بۆ بەندەکەم ، وبەندەکەم چی داوائەکات دەیدەمێ.

❁ سود وەرگرتنی شەریعەت بۆ کردنی زکری (الاخلاص : قل هو الله احـد) : ئیمامی تەرمەزی دەگێرێتەوە کەحەزرەتی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر) دەیفەرموو: ﴿ أَيَعْجِزُ أَحَدُكُمْ أَنْ يَقْرَأَ فِي لَيْلَةٍ ثُلُثَ الْقُرْآنِ مَنْ قَرَأَ اللَّهُ الْوَاحِدُ الصَّمَدُ فَقَدْ قَرَأَ ثُلُثَ الْقُرْآنِ ﴾ .

واتا : ئایە یەکێکتان ناتوانێ لەشەوێکدا سێ یەکی قورئان بخوێنێ ، هەر کەسێ (قل هو الله احد) بخوێنێ بە تەحقیق سێیەکی قورئانی خوێندووە .

# ویردەکانی کەسنەزانی
# لەسایەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز
# وسوننەتی پاك وبێ گەردا

تەریقەتی کەسنەزانی ویرد وتەسبیحاتی خۆی هەیە لەسایەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز وسوننەتی پاك وبێ گەردی حەزرەتی پێغەمبەردا هەزاران درود وجوانترین سلاوی لێ بێ ، کە بەریز بەندی بۆتان دەخەینەڕوو :

**شێوازی خەتمەی زکرەکان**

١- لا الە الا اللە (١٠٠ هەزار) جار

٢- اللـــــه (١٠٠ هەزار) جار

٣- یا هــو (١٠٠ هەزار) جار

٤- یا حـــي (١٠٠ هەزار) جار

٥- یاواحــد (١٠٠ هەزار) جار

٦- یاعزیــز (١٠٠ هەزار) جار

٧- یا ودود (١٠٠ هەزار) جار

٨ - يا رحمن (١٠٠ هەزار) جار

٩- يا رحيم (١٠٠ هەزار) جار

١٠- ( سبحان الله والحمد لله ولا الـــه
الا الله والله اكـــــبر ) (١٠٠ هەزار) جار

١١- ( اللهم صَلِّ عَلى سَيِّدِنا مُحَمَّــــد
اَلوَصفِ وَاَلوَحْيِ وَاَلرِّسَالَةِ وَاَلحِكْمَةِ
وَعَلى آلِهِ وَصَحبِهِ وَسَلِّمْ تَسليمــاً) (١٠٠ هەزار) جار

١٢- ( بسم الله الرحمن الرحيم ولا حول
ولا قوة الا بالله العلي العظيــم ) (١٠٠ هەزار) جار

١٣- (سورة الاخلاص ، أي : قل هو
الله أحد ...) (١٠٠ هەزار) جار

١٤- ( لا الة الا الله الملك الحق المبين
محمد رسول الله صلى الله تعالى
علية وسلم صادق الوعد الامين) (١٠٠ هەزار) جار

١٥- صلى الله سبحانة وتعالى عليك
وسلــم يارسول اللــه (١٠٠ هەزار) جار

١٦- لا مقصــود الا الله (١٠٠ هەزار) جار

١٧- لا موجــود الا الله (١٠٠ هەزار) جار

١٨- لا مطلــوب الا الله (١٠٠ هەزار) جار

١٩- لا مـــــراد الا الله (١٠٠ هەزار) جار

ویردە گشتییەکان تەواوبوو کە مۆڵەت

پێ دراوین لە لایەن مامۆستا وپێشەوامان سەرۆکی

تەریقەتی عەلیی قادری کەسنەزانی لەجیهاندا جەنابی

شێخی فەریادرەس محمدی کەسنەزانی حوسەینی

(قدس الله سره )

# شێوازی تەسبیحاتی ڕۆژانە

۞ پاش نوێژی بەیانی : - (۳۰۰ جار) لا اله الا الله ، (۱۰۰ جار) لا اله الا الله محمد رسول الله صلى الله تعالى عليه وسلم فى كل لمحة ونفس عدد ماوسعه علم الله ، (۳۰۰ جار) الله ، (۳۰ جار) الفاتيحه ، (۱۰۰ جار) استغفر الله العظيم .

۞ پاش نوێژی نیوەڕۆ : - (۱٦٥ جار) لا اله الا الله ، (۲٥جار) سورەتی فاتیحه ، (۱۰۰ جار) استغفر الله العظيم .

۞ پاش نوێژی عەسر : - (۱٦٥ جار) لا اله الا الله ، (۲۰جار) سورەتی فاتیحه ، (۱۰۰ جار) استغفر الله العظيم .

۞ پاش نوێژی مەغریب : - (۱٦٥ جار) لا اله الا الله ، (۱٥جار) سورەتی فاتیحه ، (۱۰۰ جار) استغفر الله العظيم .

۞ پاش نوێژی عیشا : - (۳۰۰ جار) لا اله الا الله ، (۱۰۰ جار) لا اله الا الله محمد رسول الله صلى الله تعالى عليه وسلم فى كل لمحة ونفس عدد ما وسعه علم الله ،

(٣٠٠ جار) الله ، (١٠ جار) الفاتيحه ، (٢٠٠ جار) سورەتی اخلاص : قل هو الله احد ، (١٠٠ جار) ( أَللّٰهُمَّ صَلِّ عَلى سَيِّدِنَا مُحَمَّد ٱلوَصف وَٱلوَحْيِ وَٱلرِّسَالَةِ وَٱلحِكْمَةِ وَعَلى آلِهِ وَصَحبِهِ وَسَلِّمْ تَسليماً ) ، (١٠٠ جار) استغفر الله العظيم .

۞ له پاش هەموو نوێژێکی فەرز (سێ جار ئەڵێی) :

الله حاضري الله ناظري الله شاهد علي الله معي الله معيني وهو بكل شئ محيط .

۞ ویردی عەسر کاتەکەی پێش مەغریب بەیەك کاتژمێر : يا الله يا حي يا قيوم (٦٦جار ) ، يا الله مولای الله (٦٦جار ) ، يا هو (٦٦جار ) ، ياحي (٦٦جار ) ، يا واحد (٦٦جار ) ، ياعزيز (٦٦جار ) ، ياودود (٦٦جار )، يارحمن (٦٦جار ) ، يارحيم (٦٦جار ) .

۞ لەخۆر ئاوا بوونی رۆژی دوشەممە تاکو خۆر ئاوابوونی رۆژی سێشەممە ،وەلە خۆر ئاوا بوونی رۆژی پێنج شەممە تاکو خۆر ئاوابوونی رۆژی هەینی ویردە

گشتییەکان رادەگریت تەنها ئەم سەلاوّاتە دەخوێنێت :
( أَللّهُمَّ صَلِّ عَلى سَيِّدِنَا مُحَمَّدٍ ٱلوَصـــفِ وَٱلوَحْيِ وَٱلرِّسَالَةِ وَٱلحِكْمَةِ وَعَلى آلِهِ وَصَحبِهِ وَسَلِّمْ تَسليماً ) .

ویردی رۆژانە تەواوبوو کە مۆڵەت
پێ دراوین لە لایەن مامۆستا وپێشەوامان سەرۆکی
تەریقەتی عەلیی قادریی کەسنەزانی لەجیهاندا جەنابی
شێخی فەریادرەس محمدی کەسنەزانی حوسەینی
(قدس الله سره ) .

# نوێژه سوننەتەکان

خودای پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿ إِنَّنِي أَنَا اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدْنِي وَأَقِمِ الصَّلَاةَ لِذِكْرِي ﴾ ، وه دەفەرموێت :
﴿ اتْلُ مَا أُوحِيَ إِلَيْكَ مِنَ الْكِتَابِ وَأَقِمِ الصَّلَاةَ إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ وَلَذِكْرُ اللَّهِ أَكْبَرُ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَصْنَعُونَ ﴾ صدق الله العظيم

حەزرەت (درودی خودای لەسەر) دەفەرموێت :
﴿ جاء رجل ، فقال : يا رسول الله أي شيء أحب عند الله في الإسلام ؟ قال : « الصلاة لوقتها ، ومن ترك الصلاة فلا دين له ، والصلاة عماد الدين ﴾ رواه البيهقي .
واتا پیاوێك هاتە خزمەتی حەزرەت (درودی خوای لەسەر) وگوتی :
ئەی پێغەمبەری خودا لە ئاینی ئیسلامدا چ شتێك خۆشەویسترە لەلای خودای پەروەردگار؟ حەزرەت (درودی خوای لەسەر) فەرمووی : - نوێژ لەکاتی خۆیدا ، هەر کەسێك نوێژ تەرك بكات دینی نیە ، نوێژ کۆڵەکەی دینە روایەتی بەیهەقی .

## نوێژە سوننەتەکان

- دوو ڕکات پێش نوێژی بەیانی سوننەتی موئەکەدەیە

- چوار ڕکات پێش نوێژی نیوەڕۆ سوننەتی ڕەواتبە

- چوار ڕکات پاش نوێژی نیوەڕۆ سوننەتی ڕەواتبە

- چوار ڕکات پێش نوێژی عەسر سوننەتی ڕەواتبە

- دوو ڕکات پاش نوێژی مەغریب سوننەتی موئەکەدەیە

- سوننەتی ئەوابین بیست ڕکات پاش نوێژی مەغریب تا بانگی عیشا ، ئەوەی ناتوانێ شەش ڕکات بکات خێری دوانزە ساڵ خواناسی هەیە.

- دوو ڕکات پێش نوێژی عیشا سوننەتی ڕەواتبە

- دوو ڕکات پاش نوێژی عیشا سوننەتی موئەکەدەیە

- سوننەتی (وتر) لای ئیمامی شافعی (پێنج ڕکاتە) لای ئیمامی حەنەفی (١٣ ڕکاتە) پاش نوێژی عیشا تاکو فەجر دەکرێت .

- سوننەتی شەو نوێژ : لەپاش هەستان لەخەوو لەشەودا لەدوو ڕکاتە وە تاکو دەتوانێت.

- سوننەتی چاشتەنگاو چوار یا خود هەشت ڕکاتە لەپاش بەرزبوونەوەی خۆر بەئەندازەی ڕمێك تاكو چارەكە كاتژمێرك پێش نیوەڕۆ دەكرێت .

- سوننەتی تەراویح : لەمانگی ڕەمەزاندا دەكرێت ، (۲۰ركاتە ) لەگەڵ سێ ركاتی وتر .

- نوێژی تەسبیح (صلاه التسابیح) : چوار ڕكاتە لەرۆژدا بەیەكەوە لەشەودا دوو دوو دەكرێت

لەهەموو ڕكاتێكدا سورەتی فاتیحە وهەندێك لەقورئانی پیرۆز دەخوێندرێت . وەهەر بەپێوە (۱۵) جار ، استغفر الله سبحان الله والحمد لله ولا اله إلا الله والله اكبر ولا حول ولا قوة إلا بالله العلي العظيم ،پاشان (۱۰جار) ئەم زیكرەی لای سەرەوە دەكەی لەگەڵ هەموو حەرەكەیەك و ركوع وسجودێكدا، كە كۆی گشتی دەكاتە (۷۵ جار) لەهەر ركاتێكدا.

# زنجیرەی تەریقەتی علیی قادری کەسنەزانی

ئـــەم رێبـــازە (تەریقەتـــە) پـــیرۆزە لـــەلای خـــودای پـەروەردگارەوە هاتۆتـە خـوارەوە بـۆ حـەزرەتی (محمـد المـصطفی) (درودی خـودای لەسـەر بـێ) سـەرداری هـەر دوو جیهان .

پاشان لە حەزرەتی پێغەمبەرەوە (درودی خودای لەسەر بێ) هاتۆتە سەر دەستی حەزرەتی علی(سلاّوی خودای لەسەر بێ) .وەلە حەزرەتی (علی)یەوە بووە بە دوو باڵ کەیەك دەگرن لەسەر دەستی شێخ معروف کەرخی.

بالّی زێڕین :-

لەسەر دەستی حەزرەتی (علی)یەوە (سـلاّوی خـودای لەسـەر بـێ) هاتۆتـە سـەر دەسـتی حـەزرەتی حوسـەین (سلاّوی خـودای لەسـەر بـێ) * وەلـەوەوە هاتۆتـە سـەر دەسـتی ئیمـام علـی زیـن العابـدین * وەلـەوەوە هاتۆتـە سـەر دەسـتی ئیمـام محمـد البـاقر * وەلـەوەوە هاتۆتـە

سەر دەستی ئیمام جەعفەری سادق * وەلەوەوە هاتۆتە سەر دەستی ئیمام موسای کاظم * وەلەوەوە هاتۆتە سەر دەستی ئیمام(علي الرضا) * پاشان هاتۆتە سەر دەستی شێخ معروڤ کەرخی.

بالێ دووەم :-

لەسەر دەستی حەزرەتی (علی) یەوە (سلاوی خودای لەسەر بێ) هاتۆتەوە سەر دەستی شێخ حەسەنی بەصری * وەلەوەوە هاتۆتە سەر دەستی شێخ حەبیبی عەجمی * وەلەوەوە هاتۆتە سەر دەستی شێخ داوودی تائی(الطائي) * وەلەوەوە هاتۆتە سەر دەستی شێخ مەعروڤ کەرخی * وەلەوەوە هاتۆتە سەر دەستی شێخ سەری سەقەطي * وەلەوەوە هاتۆتە سەر دەستی شێخ جونەیدی بەغدادی * وەلەوەوە هاتۆتە سەر دەستی شێخ عەبدول واحدی یەمانی * وەلەوەوە هاتۆتە سەر دەستی شێخ ئەبی فەرەجی طرطوسي * وەلەوەوە

هاتۆتـه سـەر دەسـتی شـێخ عـەلی هـەكاری * وەلـەوەوە
هاتۆتە سەر دەستی شێخ ئەبی سەعیدی مەخزومی *
وەلـــەوەوە هاتۆتـــە ســـەر دەســـتی حـــەزرەتی شـــێخ
عەبدولقادری گەیلانی (غوث الأعظم) وەلەوەوە هاتۆتـە
سەر دەستی شێخ عەبدولڕەزاقی گەیلانی * وەلـەوەوە
هاتۆتـــە ســـەر دەســـتی شـــێخ داوود (الثـــاني) دووەم *
وەلەوەوە هاتۆتە سەر دەستی شێخ محمد غـەریب الله *
وەلـەوەوە هاتۆتـە سـەر دەسـتی شـێخ عەبدولفـەتاحی
سەیاح * وەلەوەوە هاتۆتە سەر دەستی شێخ محمد قاسم
* وەلـەوەوە هاتۆتـە سـەر دەسـتی شـێخ محمـد صـادق *
وەلەوەوە هاتۆتە سەر دەستی شێخ حوسێنی بوصرائی *
وەلەوەوە هاتۆتە سەر دەستی شێخ ئەحمـەدی ئەحـسائی
* وەلەوەوە هاتۆتە سەر دەستی شێخ ئیسماعیلی ولیـانی
* وەلـــەوەوە هاتۆتـــە ســـەر دەســـتی شـــێخ محـــی الـــدین
كـــەركوك * وەلـــەوەوە هاتۆتـــە ســـەر دەســـتی شـــێخ

عەبدولسەمەد گلەزەردە * وەلەوەوە هاتۆتە سەر دەستی شـێخ حوسـێن قـازان قایـە * وەلـەوەوە هاتۆتـە سـەر دەستی شێخ عەبدولقادر قازان قایە ⋆ وەلـەوەوە هاتۆتـە سـەر دەسـتی حـەزرەتی شـێخ عەبدولکـەریم شـای کەسـنەزان * وەلـەوەوە هاتۆتـە سـەر دەسـتی حـەزرەتی شـێخ غـەوس عەبـدولقادری کەسـنەزان * وەلـەوەوە هاتۆتـە سـەر دەسـتی حـەزرەتی شێخ غـەوس حوسـێنی کەسـنەزان * وەلـەوەوە هاتۆتـە سـەر دەسـتی حـەزرەتی شـێخ غـەوس عەبدولکـەریمی کەسـنەزان * وەلـەوەوە هاتۆتـە سـەر دەسـتی حـەزرەتی شـێخ حـازر حـەزرەتی شـێخ محمـدی کەسـنەزان سـەرۆکی تەریقـەتی عـەلیی قادریی کەسنەزانی  لە جیهاندا .

(قدس اسرارهم اجمعين)

## زنجیرەی نەسبی پیرۆز جەنابی فەریادرەس

### شێخ محمدی کەسنەزانی حوسەینی(قدس سره)

(پشتی ) نەسەبی باوکمان وشێخمان بەرز دەبێتەوە تاکو دەگاتە حەزرەتی فەخری عالم (درودی خودای لەسەر بێ) وەکو لەم زنجیرە پیرۆزەدا دیاری دەدات :-

سەید شێخ محمد کوڕی سەید شێخ عبد الکریم کوڕی سەید شێخ عبدالقادر کوڕی سەید شێخ عبد الکریم شاهی کەسنەزان کوڕی سەید حسین کوڕی سەید حسن کوڕی سەید عبد الکریم کوڕی سەید شێخ ئیسماعیلی ولیانی کوڕی سەید محمدی نۆدێی کوڕی سەید بابا علی وەندەرێنە کوڕی سەید بابا ڕەسولی گەورە (الکبیر) کوڕی سەید عبد السید الثاني کوڕی سەید عبد الرسول کوڕی سەید قەلەندەر کوڕی سەید عبد السید کوڕی سەید عیسی الاحدب کوڕی سەید حسین کوڕی سەید بایزید کوڕی سەید عبد الکریمی یەکەم کوڕی سەید

عیسای بەرزنجی کوڕی سەید بابا علی هەمەدانی کوڕی سەید یوسفی هەمەدانی کوڕی سەید محمدی منصور کوڕی سەید عبد العزیز کوڕی سەید عبد الله کوڕی سەید ئیسماعیلی موحەدث کوڕی ئیمام موسای کاظم کوڕی ئیمام جعفر الصادق کوڕی ئیمام محمد الباقر کوڕی ئیمام علی زین العابدین کوڕی ئیمام حوسەین کوڕی حەزرەتی ئیمام علی کوڕی ئەبی طالب (سلاّوی خودای لەسەر بێ) وەحەزرەتی فاطمة الزهراء سەرداری هەموو ژنانی جیهان (سلاّوی لێ بێ) کچی حەزرەتی محمد المصطفى سەید وسەرداری هەموو پێغەمبەران (درودی خودای لەسەر بێ) .

# تەزبیح و ڕەوایی لە ئاینی ئیسلامدا

موسـڵمانان بەدرێـژایی مێـژوویان چـەند جـۆرێکی جیاوازیان لە ژماردن زانیوە بۆ خوا پەرستی ، ئەمەش رۆژ لـە دوای رۆژ باشـتر بـوو بەشـێوەی گونجـاو بـە کوێرەی سەردەم . بۆیە تەزبیح زاراوەی گونجاو بوو کە تا ئیستاش جێی خۆی کردۆتەوە لەناو هەمواندا .

تـەز بیح :- پێـك هاتووە لەکۆمەڵە مورویـەکی ڕێخـراو کـەکون کـراون وکـراون بـە پەتێکـەوە بـۆ تەسـبیحات وزیکـری خـوا ودرود خوێنـدن لەسـەر حـەزرەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێ). تـەزبیح یارمـەتی دەری ئەوکەسـەیە کـە زیکری خـوا دەکات لـە ژمـاردنی زیکرەکانیـدا . وهۆیەکـە لـە هۆیـەکانی خواناسـی کـە بەهۆیەوە ئەگەی بە مـەرام وپلـەی بـەرز. تـەزبیح ئەو یادخەرەوەیـە کـە هـەڵگری دوور دەخاتـەوە لـە بیرچوونەوە و غافڵ بوون لە خودا.

## جۆرەکانی تەزبیح لەسوننەتی پاك وبێ گەردا :

❁ تەسبیحات بە ناوك وناوکە خورمای پاکراو :-

ئیمامی ئەحمەد دەگێڕێتەوە لە (زوائد الزهد) دا (ئەبودەردا) ناوکی هەبوو لەجۆری ناوکی (عەجوە) لەکیسەێکدا . هەرکاتی نوێژی بەیانی بکردایە دەری دەهێنا وتەسبیحاتی پێ دەکرد تاکو تەواوی دەکرد وەهەروەها ئەبو هورەیرە و ( سەعدی کوری ئەبی وەقاصی) یش هەیان بووە وە ( صەفیە) کە چوار هەزار ناوکە خورمای هەبووە تەسبیحاتی پێ دەکرد .

❁ تەسبیح بە چەو (تەسبیحات بە وردە بەرد) :

عن أبي صفية مولى النبي ﷺ أنه : « كان يوضع لـه نطـع ويجاء بزنبيل فيه حصى فيسبح به إلى نصف النهار ثم يرفع ، فإذا صلى الأولى أتي به فيسبح به حتى يمسي » .

ـ أخرج الإمام أحمد في الزهد ... عن يونس بن عبيد عن أمه قالت : « رأيت أبا صفية رجلا من أصحاب النبي ﷺ وكان جارنا ، قالت : فكان يسبح بالحصى »

ئەگێرێتەوە (ئەبوصەفیە) کەوڵێکیان بۆ ڕادەخست وسەبەتەیەکیان بۆ دەهێنا بەردی بچوکی تێدابوو تەسبیحاتی پێ دەکرد تاکو نیوەڕۆ ئەم جار هەڵدەستا کە نوێژی نیوەڕۆی تەواودەکرد بۆیان دەهێنایەوە تەسبیحاتی پێ دەکرد تاکو ئێوارە.

ئیمامی ئەحمد لە زوهدا دەگێڕێتەوە لەیونسی کوڕی عوبەید لەدایکیەوە گوتی : ئەبو صەفیە م بینی پیاوێك بوو لەیارانی پێغەمبەر، دراوسێمان بوو کە بەبەردی ورد تەسبیحاتی دەکرد.

❁ **تەسبیحات بەپەتی گرێدراو :** یارانی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) تەسبیحاتیان بە پەتی گرێدراو دەکرد وەزۆر ڕیوایەت دەربارەی ئەمە

دەگێڕنــەوە لەوانــە ، حــەزرەتی فاطمــە کــچی ئیمــامی حسین کوڕی ئیمامی علی کوڕی ئـەبو طالب (سلاّویان لێ بێ ) تەسبیحاتی بە پەتی گرێدراو دەکرد .

(ئەبو هورەیرە) بەتێکی هەبوو هەزار گرێی لێ دابوو نەدەخەوت تاکو دوانزە جار تەسبیحاتی پی نەکردبایە (عەکرمـە ڕیوایـەتی کـردووە). وڕیوایـەت کـراوە کـەوا پێـنج سـەد گرێـی لەپـەتێك دابـوو وەلـە خزمـەتی حـەزرەتی پێغەمبـەردا (درودی خـودای لەسـەر بـێ) تەسبیحاتی پێ دەکرد . وحەزرەت ئیقراری ئەو کارەی کردوە.

❁ قازی ئەبولعەباس ئەحمەد کوڕی خەلەکان لەکتێبی (وفيات الاعيان) دا رونی کردوە : کەوا رۆژێك بەدەستی (أبی القاسم الجنيد بن محمدی بەغدادی ) وە تەسبیحم بینی.

پییان گوت تۆ لەگەڵ ئەم هەموو پلەوپایە وشەرەفە تەسبیح دەگرێ بەدەستەوە ؟

فەرموی :- ڕێگایەك پێی گەیشتم بە خودا ناسین وازی لێ ناهێنم .

ابـن خەلـەكان دەگێڕێتـەوە :- لـەدەرباری ئەمـەوە فەرموودەیـەكی زنجیرەیـی هەیـە ئـەویش ئەوەیـە كـە شێخمانە ئیمـام (ابـو عبـد الله محمـد كـوڕی أبـی بكـر كـوڕی عبـد الله) بـۆی گێڕامـەوە كـە تەسـبیحم بەدەستیەوە بینی گوتی: ئیمام ( ابو العبـاس احمـد بـن أبـی المجـالس یوسـف البانیاسـی هـەواڵی پـێم دا بەخوێندنـەوە م بـۆی لەخزمەتیـدا كـە تەسـبیحم بەدەستیەوە بینی ،فەرموی :- (ابو المظفر یوسف كوڕی محمـد كـوڕی مـسعود الترمـذي ) هـەواڵی پێمـان دا كەتەسبیحم بەدەستیەوە بینی فەرموی : (عبـد الصمد كـوڕی احمـد كـوڕی عبـد القـادر ) هـەواڵی پـێ دام

کەتەسبیحم بەدەستیەوە بینی فەرموی :- (ابو یوسف کوڕی أبی الفەرەج عبد الرحمن کوڕی علی پێی ڕاگەیاندین کەتەسبیحم بەدەستیەوە بینی فەرموی :- باوکم بۆی گێڕامەوە کەتەسبیحم بەدەستیەوە بینی فەرموی :- خوێندمەوە لەخزمەت (أبي الفضل کوڕی ناصر ) کەتەسبیحم بەدەستیەوە بینی فەرموی:- خوێندمەوە لەخزمەت کوڕی محمد عبد الله کوڕی احمد السمەرقەندی کەتەسبیحم بەدەستیەوە بینی فەرموی:- گوێم لە ( ابابکر محمد کوڕی علی السولەمی الحداد )بوو کەتەسبیحم بەدەستیەوە بینی فەرموی :- بەڵی ( ابا نصر عبد الوهاب کوڕی عبد الله کوڕی عمر المقری )م بینی کەتەسبیح بەدەستیەوە بوو فەرموی:- بینیم ابا الحسن علی کوڕی الحسن کوڕی أبی القاسم المترفق الصوفی کەتەسبیح بەدەستیەوە بوو فەرموی :- گوێم لە ابا الحسن المالکی بوو ، کەتەسبیحم

بەدەستیەوە بینی و پێم گوت :- ئەی مامۆستام تاکو

ئیستا تۆ لەگەڵ تەسبیحدای فەرمووی :- ئاوەها

مامۆستام (جونەیدی بەغدادی) م بینی کەتەسبیح

بەدەستیەوە بوو و پێم گوت :- ئەی مامۆستام تاکو

ئیستا تۆ لەگەڵ تەسبیحدای ؟ فەرموی :- (السەڕی

کوڕی مغلس (السەقەطي) م بینی کەتەسبیح

بەدەستیەوە بوو و پێم گوت :- ئەی مامۆستام تاکو

ئیستا تۆ لەگەڵ تەسبیحدای ؟ فەرموی : ئاوەها

مامۆستای خۆم مەعروفی کەرخیم بینی کەتەسبیح

بەدەستیەوە بوو ئەو پرسیارەی تۆم لێکرد لێم پرسی

فەرموی:-ئاوەها بشری حافیم بینی کەتەسبیح

بەدەستیەوە بوو ئەو پرسیارەی تۆم لێکرد لێم پرسی

فەرموی :- ئاوەها عمر المالکیم بینی کەتەسبیح

بەدەستیەوە بوو ئەو پرسیارەی تۆم لێکرد لێم پرسی

فەرموی :- مامۆستام (الحسن البصری) م کەتەسبیح

بەدەستیەوە بوو وپێم گوت :- ئەی مامۆستام لەگەڵ بەرزی پلە وپایەت وباشی خواناسیت تۆ تاکو ئیستا لەگەڵ تەسبیحدای؟ فەرموی :- ئەم شتە لەسەرەتاکاندا بەکارمان هێنا هەرگیز وازی لێ ناهێنین لەکۆتایەکاندا، پێم خۆشە زیکری خودای پەروەردگار بکەم بەدڵم وبەدەستم وبەزمانم .

دەیلەمی لەحەزرەتی علی (سلاّوی خوای لێ بێ ) وە دەگەێڕێتەوە کە ئیمام فەرموی (نعم المذكر السبحة) واتە باشترین هۆ بۆ یادکردنەوەی خودا تەزبیحە.

لە کۆی ئەم هەموو فەرمودانە و شوێنەوارانەدا بۆمان دەردەکەوێ کەهۆی بەکارهێنانی تەزبیح لەئاینی ئیسلامدا بۆ هەژمارکردنی زیکرەکانە ، ئەم ناوکە وبەردانە یان ئەم گرێ پەتانە لەگەڵ پێشکەوتنی جیهاندا بەهەموو بوارێکدا ،ئەوانەش رێخران لەسەر شێوەی دانەی کون کراوی زۆرجوان ورێك وەکو

ملوانکە کەپەتێك کۆی دەکاتـەوە خوانـاس هەڵیـدەگرێ خودای بیری دەخاتەوە ویردەکانیشی بیردەخاتەوە.

اللهم صل على سيدنا محمد الوصف والوحي والرسالة والحكمة
وعلى آله وصحبه وسلم تسليما

(بەیارمەتی خودای پەروەردگار تەواو بوو).

بۆ وەرگرتنی تەریقەتی قادری کەسنەزانی و مۆڵەتی کردنی زیکر و ویردەکانی ، داواکارین پەیوەندی بکەن بە:-


ماڵبەری تەریقەتی عليی قادری کەسنەزانی

www.kasnazan.com

kasnazan_weeb@yahoo.com

ژمارەی تەلەفۆن ٠٠٩٦٤٧٧٠٣٥٣٥٤٤٧